کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-7-2007 17:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**جەند تێبینییەکە لەسەر نوسینەکەی بەڕێز کاک عەبدولەتیف ئاوماری. ... د. نامۆ:**

نامە کراوەکەی بەڕێزتم خوێندەوە کە بۆ کوردەکانی هەندەرانت نوسیوە و کە منیش یەکێکم لەوان، هەر بۆیە حەزم کرد جەند تێبینییەکی خۆمت بۆ بنێرم کە لەوانەیە بەڕێزت لە هەدێکیا لەگەڵم نەبیت و هەندێکیشیان هەر بە هەڵە بزانیت.

پێش هەموو شت دەسخۆشی نوسینەکەت لێ ئەکەم کە بۆنی دڵسۆزی و خەمخۆری و خۆشەویستیی نەتەوەی بە ئاشکرا پێوە دیارە، جگە لەوەی کە دورە لە تیر و توانج و بەگشتی کردنی (تعمیمی) ئەو دیاردە ناشرین و دزێوانەی کە بەشێکی باشی کوردەکانی هەندەران خەریکین.

ئەم بابەتەی بەڕێزت ئەیوروژێنی زۆر گرنگە، بەلام لە هەمان کاتیشا زۆر ئالۆزە و بە نوسینی کورت و جەند تێبینییەکی کەسانی خەمخۆر بە تەنها چارەسەرکردنی لەوانەیە زەحمەت بێت. بە هەر حاڵ هەنگاوەکەی بەڕێزت زۆر پیرۆزە جێی سوپاس و پێزانینە.

1) کورد نەتەوەیەکی دەستبەسەر و وڵات داگیرکراوە و زۆر تا کەم لە دنیای دەرەوە بە دوور بووە و زیاتر لە کولتورێکی داخراوی دواکەوتوودا ماوەتەوە و زۆر کەم پێشکەوتنەکانی دونیای گەیشتۆتێ و کاری تێ کردووە، ئەم شتە بەهۆی هەرچ هۆکارێکەوە بێت کاری خراپی کردۆتە سەر تاکی کورد بۆ چەندەها نەوە و کاریگەرییەکانی وا بە ئاسانی ناسڕدرێتەوە. ئەم دواکەوتنەش هەمە لایەنەیە و تەنانەت بەشێکی باشی چینە خوێنەوارەکەشی گرتۆتەوە، جا ئەوە باس لە نەخوێندەوارە داماوەکە هەر مەکە.

2) ئەو لێشاوی کۆچەی کە لەدوای ڕاپەڕینەکەی 91 ەوە دەستی پێ کرد وای کردووە کە زۆر و بۆر بووە، هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆر زەحمەتە چاوەڕوانی ئیشی باش بکەیت کە لەلایەن هەموو یان زۆربە ی کوردەکانەوە پەیڕاو بکرێت.

3) سیاسەتی کۆنەپەرستە و ناپاکی پارتە کوردییەکان دەستێکی زۆری هەیە لە مانەوەی تاکی کورد بەو حاڵەتە دواکەوتوویە، جونکە حیزبەکان دەنگی سندوقی هەڵبژاردن و شەرکەریان پێویستە، نەك کەسی ڕۆشنبیر و وریا و رەخنەگر.

4) خاڵی 2 و 3 و شەڕ و ناکۆکی ناوخۆی پارتە کوردییەکان هۆی ڕاستەوخۆی
نەبوونی شتێکە کە ناوی (جالییەی کوردی) بێت. هەموو ئەو ڕێکخراوو کۆمەلگانەی کە هەن سەر بەم یان ئەو لایەنن بە هیچ شێوەیەك یەك هەڵوێستی بەدی ناکرێت لە ناویاندا. کە ئەمەش وای کردووە کورد بە دەیان ساڵی تریش لە چارەکی جولەکەی پێ نەکرێت (هیوادارم کە وا نەبێت) .

جا کاریگەرییە خراپەکەی ئەم شتە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە دڵسۆزیشن ناتوانن هیچ بکەن و نەخێر هەر پارتەکانیش ڕێگەیان پێ نادەن ئەگەر لە ڕێگەی ئەوانەوە نەبێت.

5) زۆربەی هەرەزۆری کوردەکانی هەندەران خەریکی ئیشی ڕەشن و لە لاوە پارەی سۆسیالیش وەردەگرن، وە ئەمانە بە ڕەسمی بە بێ ئیش ناو نووس کراون. ئەوروپییەکان خۆیان ئاگاداری ئەم شتەن و زۆر لایان ناشرینە و بۆیە بە سوکی سەیری ئەم کەسانە ئەکەن.

ئەو ئیشە ڕەشانەی کوردەکانی ئەوروپا خەریکین بە زۆری ئیشی چێشتخانە و پیتزا و.. هتد کە لە بەیانییەوە هەتا ئێوارەیە و هەر بۆیەش نە زمان فێر ئەبن و نە تێکەڵاوی خەڵکی وڵاتەکەش ئەبن. هەر بۆیە تێکەڵاو بوون زۆر ئاسان نییە لەگەڵ ئەوروپییەکان لەبەر جیاوازی کولتور و زمان نەزانین و چەندەها هۆکاری تر کە لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد.

6) کولتوری کورد لەبارەی تێڕوانینی بۆ ئافرەت زۆر دواکەوتوە و تا ئێستاش کوشتنی شەرەف بە شێوەیەکی بەرفراوان پەیڕەو ئەکرێت و نموونەش زۆرە بۆ سەلماندنی ئەم شتە (سەیری نوسینە بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نرخەکەی بەڕێز ڕەسول عەوڵا بکە کە لە کوردستان نێت ماوەیەک لەمەو پێش بڵاوی کردەوە) ، دیسان ئەم شتەش زۆر زانراوە لە لای ئەوروپییەکان و ئەزانن کورد ژن بە کەمتر لە پیاو سەیر ئەکات و ئێستاش گەنجەکانمان هەمان بیر و ڕایان هەیە، بۆیە ئەو ژن و ژنخوازییەی بەڕێزت باسی لێوە ئەکەیت ئاسان نییە.

یەک شت زۆر دڵنیا نیم لێی: ئایا بەڕێزت مەبەستت لەو تێکەڵاوییە ئەوەیە کە تەنها کوڕانی کورد ئافرەتی ئەوروپی بەدەسەڵات بێنن یان لات ئاساییە ئەگەر کچێکی کوردیش شو بکات بە کوڕێکی ئەوروپی !؟

بە قسە زۆربەمان خۆمان بە پێشکەوتو خواز ئەزانین لەم بارەیەوە، بەڵام کە دێتە سەر ئەرزی واقیع ئەو کات ئاشکرا ئەبین کە چۆن بیر ئەکەینەوە و بیروڕامان چۆنە لەسەر مەسەلەی ژن.

هەتا بۆیان بکرێت لە دیسکۆکان ئەسوڕێنەوە و بە دوای "نێچیردا" دەگەڕین و گوایە بوون بە ئەوروپی، کە گەیشتە ئەوەی ژن بێنن دەگەڕێنەوە بۆ کوردوستان بۆ هێنانی ئەو کچە داماوەی کە دایکی یان پووری بۆی دۆزیوەتەوە و ئەبێتەوە بە پیاوە کوردە بەشەرەفەکە.

7) گەنجێکی زۆری کورد لە هەندەران خەریکی بازرگانی کردنن بە مادە بێهۆشکەرەکان و ئێستا کورد ناسراوە لە لای پۆلیسی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا کە خەریکی ئەو ئیشانەن پاش ئەلبانی و جەزائیری و مەغریبییەکان بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا. کە ئەمەش ناوێکی زۆر خراپی داوەتە هەموو گروپی کوردانی ئەوروپا. بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن بە ماوەیەکی کەم زەرەر لە خۆشیان و نەتەوەکەشیان ئەدەن. بەڕێزت باس لە سومعەی حکومەتی هەرێم ئەکەیت کە خۆی لە خۆیا زراوە بە هۆی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و باری زیندانییەکان و ڕەشەکوژی ژنان (بە پێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان) ، ئەمە جگە لەو گەندەڵییە بەربڵاوەی کە نە سەرو بنی دیارە و نە سنووری هەیە لە کوردستان، بۆیە مەترسی ناو زڕانی زیاتری زۆر کەمە بە هۆی ئەو گەنجانەوە.

دوا تێبینیم لەسەر خاڵی چوارەمی بەڕێزت ئەوەیە کە کە زۆر بەداخەوە نە جالییەی کوردی هەیە وە نە پەیوەندی کۆمەڵایەتیش بەو ئیش و کردار و دەم و زمان و کولتورەوە لەگەڵ ئوروپیدا دروست ئەبێت. ڕەنگە پەیوەندییەکی ڕووکەش دروست ببێت کە وەکو بەزەیی یان ڕێز لێنان بێت، بەڵام قوڵبوونەوەی ئەو پەیوەندییە شتێکی ئاسان نییە.

8) کەسانی لێهاتوو و دڵسۆزیشمان هەیە لە ئەوروپا کە دەستکەوتی زۆر باشیان بەدەستهێناوە بۆ نەتەوەکەیان و خۆیان، بەڵام بە داخەوە زیاتر شتە نێگەتیڤەکانی خەڵکی نا ئەوروپایی سەردێڕی هەواڵەکانن نەوەکوو کەسە سەرکەوتووەکان.

لە کۆتاییدا هیوادارم کە قسەکانم دڵی کەس زویر نەکات، بەڵام بە داخەوە ئەوانە ڕاستییەکی تاڵن و تاکوو دەستنیشانیان نەکەین و دانیان پێدا نەنێین ناتوانین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە.

لە قوڵایی دلیشمەوە هیوادارم کە لە دواڕۆژێکی نزیکدا جالییەیەکی ڕێک و پێکی کوردی دروست ببێت لە دووره وڵات بۆ داکۆکی کردن و پشتگیری کردن لەو مەسەلانەی کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندییان هەیە بە نەتەوەکەمانەوە.

Namo-35@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.